# دوایین چڕکە



نویسنی: علی عبد الرضایی

وەڕگێر: تەیب هوشیار (ئاڵا)

نشر پسا هفتاد

٢٠١١

# دوایین چرکە

نوسینی: علی عبدالرضایی

وەرگێر: تەیب هوشیار (ئاڵا)

نشر پساهفتاد

2011

عەلی عەبدولڕەزایی ، لە ڕۆژی ٢١ مانگی نەوڕوزی ساڵی١٣٤٨ هەتاوی لە شاڕی لەنگرودی ئیران چاوی بە ژیان هەڵهێنا ، خویندنی سەرەتایی ناوەندی لە هەمان شار تەواو کرد . و دوای وەرگرتنی دیپلوم ڕیازی (ماتماتیک) و قبوول بوون لە کونکوری سەراسەری دا لە بەشی موهەندیسی میکانیک دا ئەم بەشی بڕی ، چالاکی عەلی لە ساڵەکانی٦٧ دەستی پێ کرد یەکیک لە تازەترین و بە ناو بانگەترین شاعری نوێ فارسیە ، ئەو بە دەربڕینی ڕوانگەی تایبەت لە سەر شێواز و قاڵبی شیعر تا ڕادەیکی زۆر کاریگەری لە سەر شاعیرە لاوەکان داناوە عەلی لە سەرتایی دەست پێ کردنی شیعرەوە ، سەربەخۆی خۆی لە شیعرەکانی دا ڕگرتووە ، کە تا ئیستا١٨ کتیبی شیعری بڵاو بووتەوە ، کە بە بڵاو کردنەوی ئەم کتێبانە توانی خۆی بە شیعری فارسی بسەلمێنێ، و سەربەخۆی شێوازی شیعری خۆی ڕابگرێت،

کتیبەکانی عەلی هەتا ئیستە بە زوربەی زمانەکانی دونیا وەرگیراوتەوەوە ،٩ کتیبی بە زمانی ئینگلیزی و بە زمانەکانی ئیسپانی ، فەرانسی ، هولەندی ، عەرەبی ،تورکی ، ئالمانی ، و ئوردووی ، وئیستایش بە زمانی کوردی ،

سەرنجتان بۆ خۆیندنەوی ئەم کۆمەلە شیعرە ڕادەکێشم کە زۆر کورت پۆخت نوسراوە

وەتەی وەرگێر ،

ئەم کۆمەلە شیعرە تەنیا کاری چەن ڕۆژیکی منە و لەوانی کۆمەڵیک هەلەی تیدا بێت ، بەڵام بە باشم زانی کە کورد بی بەش نەبی لەم کۆمەڵە شیعر ، کە بۆ ئیستای ئەم سەردەمە ئیران نوسراوە ، و بە شتیکی تازە و جۆانم زانی هەر بویە هەولم دا لە زۆترین کات دا ئەم شیعرانە وەرگیرمە سەر زمانی کوردی ، هیوادارم کەڵکی لێ وەر بگرن ،

تەیب هوشیار (ئاڵا)

وڵاتی نەرویج

1

سێ لاوی خۆش پێ کەوتو

لە سەر کۆلان کە پێناسەی شەقام دەکات

پێکەوە قسە دەکەن

لە سەر کچێک لەوانێیە

کە لە دوورە و ڕا دێن

حەوت لاوی تر

لە سەر کۆلانی بەرانبەر وەستاون

لەوانێیە

لە سەر هەمان کچ دەکەن چپە چپ

کە ئیستا تۆزقالیک نزیک بووەتەوە

سێان بە حەوت گەیشتن  بە گژ یەک دا نەچوون

و پێش لەوەی کچە  بگات

بەرەوشۆینێک کە بە هیوا بو بڕوات بە ڕێی کەوتن

لە ڕێی ڕەوەکەدا حەفتا نەفر  تێ پەڕ دەبن

و لەو شەقامی تر

ئیستا هەزاری تر

یازدە هەزار نەفر لە مەیدانە گەورەکە دا چاوەڕوانن

هیزی ئینتزامی سەریان لێ شێواوە

شەقامیان بەستووە

نەکا کچەکە  بگاتە بەرەوە

٢

تۆ لەوێ  فیشک دەخۆێت

تاکو گوڵ بەدات

خڕۆکەسوورەکان ،،، لە شەقامی ئازادی

دەمری

کە بەفر بێت

لە گەڵ خڕۆکە سپی کانی دا

نەرم نەرم

تۆ کفن دەکات

دەتشارێتەوە

هەتا باییکی شوم نەێیت

تۆ کە لەوان نەبووی نەدزرێت

تۆ لەوا ن نێت

لێدانی شاڕیکە  دەمارە سوورەکانت

و ئیستا لێ ئەدات لە مەیدانی ئینقلاب

ئیستایش دڵی تۆیە

کە دەبێتە  ڕیگاێک

دانە

دانه

تاکسیەکان

بە هەر شەقامیک کە دوای دێت

وەک دەماڕی ڕەش

بۆ دڵئ من

کە مەیدانی ئازادییە

ئیمە هەردوو لە یەک شەقام دا شەر دەکەین

تۆ لەوی دا دەپێکرێت

من لێرە دا دەمرم

مەیانێک ڕاپەرین بو بێت

و  بی هەوێت   بگات

بە مەیانیک

وەکو ئازادی

لای چەپ

شەقامێک کە ئەویی دەۆر دابێتەوە

و  وەڕگەرابێت ، وەر

وەکو ئازادی

بە مەیانێک کە دەیەوێت ئینقلاب بکات

دەستی ڕاست

تەۆحیدیشم خستووەتە ئەو سەرە

لای ستار خان

کە کۆماریشم

کیشابێتە خۆاری

وەک ئاڵایەک کە لە جیگای شێر خۆا قنچکی دا

تا مەلایکی ترسنۆک بێت

بە شێر

جگە لە شەقام

پۆلیسەکان

پاسدارەکان

تەنانەت دارەکانی ئەو لاشم ڕەش کردوە

مردن ڕەنگ ناکەم

کڕۆکی ئەم ئێشە شار کێشای

کە جمۆجۆلی

پڕ لە شەڕابی شیرازە

و هەتاویشی

زەمەنیکە لە چاڵی یۆسف دا حەپسە

ئیستا کە میسر ئازادە

لە سەر رەزەکان پاسارگادە

کە شەربەتی نەخۆشی فەرهاد بکات شیرین

سەیر کە

بۆ ڕەشەمە

ئەسپەن دەسۆتێنم

کە پیش لەوی بەهار بگات

بە کۆتایی نەگات

وەکو نەقاشی

کاریان سەرئەنجامە

تەنیا دەبێت شەقامەکان سەوز بکەن

دەبێ ئازاد بێت تا بڵێی نە

وەگەر نە  پەیوەندی نیە بە نە ،الله

بە ئەو شێرە پێرەیش کە  بووە بە پاکەتی

چیتر کەس  بایەخ نادات

نە سەورز

نە سوور

تەنانەت سپی

دەتوانێ لە سەر ئەم بۆڕجە

ئاڵایک بشکێتەوە

لە رەنگی ئازادی

ئەی تۆ کە ساڵانیکە لە دۆای ئەم پینج پیتە کەوتووی

و لە کۆتایش دا لە مەیدان دا  گیانت داوە

پیا کیشانی هەر فیشەکێک

لە جۆمگەکانی سینگت

پلەکانێکی لێ ساز دڕا

سەر هەر پلەکانێک

هیشتا

ناگاتە بۆڕجی بەرزی ئازادی

٥

بێ چەقۆ بێ تێخ

بۆ شەری تۆ

پیاوەکان

شەش تێخ هاتوون

ژنەکان

ئەوەند ژێر چەپۆک بوون

لە جیگای سەرپۆش

کڵاویان هەیە

!! کڵاو لابە

چەنێک تۆ بی ریشەی ئاخر

تەنانەت ئەو تاقمەی کە ریشیان هەیە

!!لە دەستی تۆ دەناڵینن ئەی پیاو

سەروەر

! ریبەر

!چەنێک تۆ گووی ئاخر

ئەم هەموو بەشەرە

لە دژی تۆ دا

تەنیا یەک نەفەرە

له مەیانی ئینقلاب دا

سینمایەک تازە کڕاوەتەوە

لەم فیلمەدا کە  بڵاۆ دەبێتەوە

هەمۆ ئەکتەرن

کەس نییە دانیشی بۆ تەماشا

تازە لە یاری گەراونەتەوە

مەیانی ئازادی پڕ لە شۆعار بووە

کە نە ئیستقلال لە ناۆی دا پەیا ئەبێت

(نە پیرۆزی(سەرکەوتن

کەسیک فیشک دەخۆات

لە پەنای دا دەمریت

کۆڕ

لە سەر شانی باۆک

دوو گۆڵیکی تازە فێر دەبێت

سەیری وینەی ژاڵە دەکەم

ئەم نۆسەرە ڵاوە

کە هیچ کات ئەوم نەخۆیندە بو

بۆ ئەوی بم خوێندایتەوە

دیسان سەیری دەکەم

چیڕۆکەکەی  ناخۆینیتەوە

تماشاکانی بزڕ دەکات

کە منیش ئەو بزر نەکەم

شەقام و بازاڕیان پڕ کرد لە مڕدوو

مەیانی ژالەیان پڕ کرد لە شەهید

ئیمام حسێنیش ئیتر باوەشێکی ئەمن نییە

بەڵام خەڵک

لە شەقامی ئازادی دا ڕێپێوان دەکەن

کە وا بو ڕێگایەک هەر ماوە

ئازادی نامرێت

مەگەر مەحەمەد مۆختاری پیشتر نەمرد !؟؟

ئەگر مردەوە

ئیتر بۆچ دیسان ئەویان کۆشتەوە ؟

بۆ ژاڵەیش کە لە ڕۆدەکی دا مرد

چیرۆک گەلیک یان نووسی

کە وا بێت ڕودەکی هیشتا زیندەوە

9

بەردێک هەڵ ئەدەم

ناو ڕووباری

Thames

پەلەوەریک کە خەریکی ئاوٚ خوٚاردنەویە

هەڵ ئەفڕێ

لە بوٚڕجی پاڕلمان دا کە  لە بەرانبەر دایە

خوٚی حەشار ئەدات

بەلام توٚ لە روودەکی

لە نزیک ئەو پاڕلمانەوە پێکڕایت

کە بە هیوا بووێت  لە دەستی هەڵ بەێیت

10

نازانم ئەم ڕوبارە  کە هاتووتە ماڵەکان

جاج ڕوودە  کە دەڕژیتە ناو ئاوی شار

یا دەماری تۆیان کردەوتەوە  لە ناو وانێک دا خۆی کوشتووە

تەنانەت دەنگێشت ئاو دەیبێستێ

خوێنێک لە تاران دەرژێت

لە پشتی حەسارەوە نامێنێ

ڕاپەرینی ئاو  بەر بەستی کەرجیش هەڵ دەگرێ

11

مەحەمەد زۆرە

موختاڕی!؟

بەڵام تەنیا تۆوێت کە دیسانەوە دەمڕی

سەربەستن

وەچەکان وشک بکەن

هەر کەس کە بکوژن

چە دەزانم

ئەم قسانە بە هیچ ناگات

کە موختاری نامڕێت

هەلیان دا کۆشت

کە بت گرنە نێو دەستەکانیان

پەژیوانن

ئیستا لە ناۆی تۆ دا گیڕودەن

12

دەوریان گرتووە بەسیجیەکان

پێ دەکەنن

لی ئەدەن بە باتۆم

پێ دەکەنن

بە هەر شتێک کە جنیو ئەدەن

وەلام ناداتەوە جگە لە بزە

چەپۆک ئەدات لە دەمو چاوی

کە بزەی قوولی هەل تەکێنێ

پێ دەکەنێ

هەل دەستێ باتۆمێک

کە بە تەوقی سەری دا بێتە خۆار

لە کاتێک دا کە خەریکە پێ دەکەنێ

دێت

و دەمرێت

لاشەی دەبەن

بە جل و بەرگی خوێنەوە هەڵی دەنە گۆڕ

پێش لەوی خۆل بکەن بە سەری دا قاتل

مشتێک خۆل هەل دەگرێت

کە چاڵی ژێر چەناگەی پێ پڕ کاتەوە

13

بەم باتومە

بە چەک ! کە شانازی پێ دەکەن

نازانن

کۆتک ئەوەشێنن

نازانن ئەتەقێنن

چە دەزانن

ڕۆژیک لەم ڕۆژانە

ئەو بۆغزە کە ناشتوویانە لە ئێمە دا

وەک بوم ئەتەقێتەوە

14

سەگەکان دەوەرن

ئێوە شۆعار ئەدەن

سەگەکان پەلامار دەینن

ئێوە هەڵ دێن

یەکێک دەبێت بە نەچیر

دووان

سیان

سەدان

هەزاران

و ئیتر سەگیک نامێنێ

بێت بە بەسیجی

15

دوو بەسیجی دەیگرن

بە دەستی لە پشتەوە بەستراو

دەیبەن

ئاور ئەداتەوە

بە کچە خۆشەویستەکەی دەڵێت

باشتر

ئیستا زیاتر خۆشم دەوێی

16

بۆ ئەوی دەستی یەک بگرن لە شەقام دا

پاڕەکە هاتبوون

دەنگەکەی خۆیان وەڕ بگڕنەوە

کە کچە خۆشەویستەکەی  بەر فیشەک کەوت

مرد

ئیستا کە  لە گەل کچیکی تر دا ڕێپێوان دەکات

شۆعار ئەدات و بێر دەکاتەوە

بە ڕێپیوانیێکی تر

تا کەسێکی تر

17

باۆک وەکو عادەت چو بۆ سەر کار

خۆشکیشت بۆ زانکۆ

دایکیشت کە ساڵانی پێشو تر

ڕۆیشتووە بۆ لای زارا ،،، بەهەشت

تەنیا تۆ بوویت

کە مەکتبت دا خست

مابوویتەوە لە ماڵەوە

کە بێت بە سێ

برویت بۆ خۆپێشاندان

دڕنگە کۆرەکە

هەموویان گەڕاونەتەوە

تەنیا تۆ کە ڕویشتووی بۆ بەهەشتی زارا

تێبینی بەهەشتی زارا لە ئیران دا بۆ قەبرستان بە کار دێت

18

پاسداریک تەقی لی دەکات

دەکەوێت

موبایلەکەی دەر دێنێ

لە قاتڵەکەی ڕەسمێک دەگرێت

و دەمرێت

19

چەقووی خۆاردە بو

لە دەموچاوی وا دەر ئەکەوت

پاڕەیەکی باشی وەرگرتووە

چەقوکەی بە زۆر لێ سەند

لە کاتێک دا کە دەبوایە بیکوشتبا بەخشی

دەستی نا سەڕ بڕینەکەی

چاوەکانی نۆقاند

بەسیجی هەڵهات

20

پێکەوە گەورە بوون

دڕاوسی دیوار بە دیوار بوون

هەموو شەوێک تریاکی دەکێشا

تازە بو بو بە  بەسیجی

هەرچی زیاتر لی دانی دەخۆارد

زیاتر پێ دەکەنێ

گڕیان ئیتر ئەمانی لێ بڕیبو

21

ئەوان چە دەزانن

تۆ بە ئاسانی نەبوویت بە سەوز

وەک کۆرپەی ساوا کە تازە هاتبێت

و دایکی ڕۆیشتبێت

گەورە بووێت

بە عەینی ژنێک کە لە پیش دا سواری بوون

دواتر بردیان

بچووک بیتەوە

22

ئیستا چەن چڕکە لەو پێش

کە خەڵکی شۆعاریان ئەدا

ڕێک چەن چڕکە لەوە پێش

پێکەوە قسەیان دەکرد

ڕەستەگەلێک یان تاژ و توی کرد

بە فێعل گەلێک کە ئیستای زۆر ئاسان بو

ئیستا

خەریکە قسە هاوڕیەکەی دەکات

کە چەن چڕکە لەو پیش فیشەکی خۆارد

مرد

فێعلەکانی بوون بە مازی

23

بەسیجیەکان  خۆیان حەشار دا بو

جل مەدەنیەکان

پاسدارەکان

و خەلکیش شۆعاریان ئەدا

نەیان دەزانی

کە دەبووا پێکەوە گری دراو بێت

مەیانی ئینقلاب بەلام دەیزانی

گشتی پێکەوە

کاتێک بەرەو ئازادی دەڕویشتن

سالی پەنجا و حەوتیان بینی بو

24

مەلە کردن لە ناو دەڕیای خەڵک دا ترسی  نییە

لە ناۆ ئاو

لە گەڵ ئاو

ناتوانن هیچ بکەن

هەر چەنێک لەنیو ئەم دەریا دا زیاتر بەخەنکین

پاک تر

تەنانەت خۆشەویست تر دەبن

25

هەوای تاڕیکی هەیە ئەم ڕێپیوانە

مندال

چاوانی نوقاندەوە هاوار دەکات

بەلام هەمو شوێنێک

بە عەینی مەشق کە جیگای مالەوە بو

لە شەقام دا دەیینووسی

ڕوونە

26

کات کورت و ڕێگە باڕیک

دەروێت تا دەبێت

تا دەبێت دەڕویت و تا دەروێت تاڕیکە

شەو دڕێژ و مانگ لە بەڕزی

دەگات مێژۆ

دەم بەیانی تاڕیکی نزیکە

27

بۆمەلەڕزە لە نیوان دا نەبو

ماڵێک ویڕان بو

دوینێ

تاڕان بەندەری ڕەقسا

لە بەر ئەوە دۆعای گیڕا بو

28

پێنج  پێتی هەیە

ئازادی

کە لە سەر  هەر پێتیکی

پێنج سەروک کۆمار کە بوومانە تا ئێستا

ڕاوەستان تاکۆ کورسیان بینی

تووڕان

شتێک نەماوە

بە جیگەی ئاو دەست

لە خۆ ڕا نییە

کە گۆڕان خۆازەکان

هەموویان کارمەندی شاڕەوانین

ڕیبەرت دەوێت بۆچی ؟

وەک ڕاپەرینی مەشروتە

کە ڕووی سپی کرد شاە

بە بیست و دووی ڕیبەندان

کە دووی جۆزەردان

لە ڕیگای ئینقلاب

بۆ گەیشتن بە ئازادی ئاسانە

نەخشەکەش شارەزاێن

جادەیش کە بەلەوین

ئیمە کاتیک دەگەێنە مەقسەت

ووەن دەبێن

30

دەنگی ژنان بەرزترە

قەد مەڵێن ئێمە پیاوەکان

ئێشێک کە سینگی گرتووین

دەرگای نییە

کە دەر چێت لە ئیران

هیچ پیاویک تەحەمولی زەیسان بوون ناکا

تەنانەت بۆ یەک جاریش

وەرن

خۆمان بەدەێن دەستی ژنێک

لەوانی  بەم پشیلە شیر بەدات

31

یا حۆسین

یا میر حۆسین

چە جیاوازیکی هەیە

هەر دۆکیان مەزڵوومن

یا زوڵمیان کردەوە

یا زوڵمیان کردەوە

32

دەرد نزیک بو

پیاو

لە نیوان ڕەشای  خەلک دا ون

قەرار بو

کۆتاییکی ڕوناک بەدات بە چیڕوکی

ڕژا خۆێن

لە ژێر دار تیلی چڕای بەرق دا

33

هیڵاک بو

و ئیستایش خەوتو

وازی لی بێنە

دەستی ئەم ئیرانی مەگرە

ڕاناپەریت

ئیرانیەکان بە کەم مەزانە

وەرچ گەلیکن دوو سەر

چوونەتە خەویکی قوولی زستانی

ئەم فیلمانە  کە لە پێش دا دەیان بینی

تێکە گەلیکن

کە لە ناۆ خەو دا دەیڕیژن

قۆر بە سەر خەۆ داڕیژ

ئەگڕ بە ڕاستی ڕاپەڕێت

34

ڵاوێک فیشەکی وەبەر کەوت

هەزاران دەلاقە لە شەقام دا کڕایەوە

چاوێلکەکەی داکەوت

شکا دووان

گشتی ترسا

تەنیا کتێبێک  کە لە دەستی دا بو

لە هەوا دا سۆڕایەوە

خۆێ کردەوە کاتیک لە سەر زەوی نیشت

دەلاقەکەی  داخست

ئیستا تەنیا دووان ماوە

کە ئەویش کاتیک مرد

لە ئازار دا تلاو تلٌی ئەکرد

داخڕا

35

مەرگ لە شەقام دا بو

کەس لێ نەدەترسا

باتۆمی بو

چەکی پێ بو

بەلام ماڵی نەبو

قسەی ڕیک و پێک  گوێ بگرێ

36

لە دەستی ئەم بەڵا کچە

خۆم زیندان کردەوە

ئەوان لە گەل شەر دا  ڕوو بە ڕوون

منیش لە گەڵ قوزە شیعر

هەنگاو بە هەنگاو لە گەڵت نامرم

ئەگەرچی تۆڵەت

بتەوێت و نەتەوێ دەیگرم

سەیر عەشق گەلێک کە هەمە

من بی لایانم

تۆ لە گەل هەزار زۆل دا ڕووو بە ڕووی

لە ئێرانی بەو ڵاوە

دەیانهینن لە لۆبنان

کە لە گەل تۆ دا ڕابویری لە ئەوین

لە بەر ئەوە

چەن سالیکە دەروم بۆ بەیروت کە ڕابویرم

ئەوین ناوی بەندیخانەیکی گەورەیە لە ئیران

38

پاسدارێک کە  دەیتوانی فەرهاد بێت

بە ڕووی شیرین دا هەڵ دەشاخێت

دین

هەموی گۆڕیوە

عەوەزی

و منیش جیا لەوە قسەیەکەم  نیە

نەکرا هەرگیز یەکێک بمرێت

کە کەسیکی تر ئازادیەکی وەر بگری

کەسێک حەق نییە

بۆ ئەوی کە هەیتەی

بە تاوانی ئێمە بمرێت

ئێمەیان رەش کرد

ئیوەیان سەوز

کە ماڤی ئێمە بگرن

ئێمە  غاییین

ئێوە حازر

ئیتر نایگرن

و دەمرن

ئێوە دەرون

کە ئێمە بێن

ئێمە غاییین

ئێوه حازر

كه وا بێت نایین

و دەمرن

به دڵ مەیگرن

له بەر ئەویە

له بەرەكەی دەنووسم

40

ڵافاوێک که به هیوایه بێت

دڵنیام

ئارام ناگرێت

دەریا نیشتووه ئەگەر ئارام ، ئەگەریش شین

ئەم شەپۆله تازه پێ گەیشتوەوه

چه دەبینی

که دیسان وەردەگەری؟

پیش ئەوی بێ جی بهیلی قەراخ

چه دەنووسی له سەر زیخەكان

کەسیک دەیخوینەتەوه ؟؟

41

هیچت بۆ ناکا ئازادی

بەس ئەو دیوارەی کە لە دەورتیان کێشاە تاۆتاۆ دەلەڕزێنێ

و تاویک دەنووسی  شتێک

تا بیر بکەیتەو دۆایین شیعری تویە

کە دۆینە شەو

کاتیک چەقۆییک  لە گۆشتی تۆ دا بو

بە دیوار دا هەڵمیزای

42

ئەو بەشەریکی خڕاپە

زۆڕ کەرە

دۆژمنەکانی کەر کرد هاوڕییەکانی کەر کرد

ژێردەستەکانی کەر کرد

و ئیتر کەس کەر نابێت

43

کێ دەڵێت چاڕشیو لادەیی و مەقنەعە شتە ؟؟

لە با دا ئەو قەوسە تەنیا عەزیزە

کچێکی شۆخ و شەنگ لە ناو ئەم بایە دا نەدی

کاۆل بێت ئەم شارە کە ئیسلام قڕێنە

44

وەکو سۆاڵی لە سۆاڵ دەکا تەمەنا

لە من ئەو ڕاستی دەوێت

کە خەڵک لە سەرەوە و من ئەم خۆارەم هەیە

هێشتا لە گۆمان دایە کە لە ژێر وەرگ هەمە

لە سەر کارم

من نەمکردەوە بە خۆداێک ئیقرار

تا خۆای نەکردە هەڵە نەکەن

له پشتی هەر دەگەێک ، دژە دەگەیەک هات

دیسان دیواریکی بەرز  لە کەرەج لە جیگای حەسارەک هات

کەربەلا بو بە عەرەبی عەجەم لەوی دا  سیاوەش گیانی دا

روستەم لە بێرەوە چو  و  عەرەبی  بە جێگای سیامەک هات

لە میسری موبارک بو کە فەرعون  موسای هینا

کۆترێک سوڵحی نەهێنا  بەلام سۆپاییک لە لق لق هات

گۆشت لە سەر ئەگر گەڕچی فرمێسکی نەڕشت دۆکەڵ نەهات

دۆکەڵ هەستاوە  بە لەونێک کە یەقین ڕووی و بەم شیوە گومان هات

فڕمێسک نەبو بە حوسنێ کەرەسەی شەفای لە دەس چووی یەعقوب

یوسفی ڕویشتووە لە ئەم میسرە کە موبارک هات

46

لە گەڵ ئێمە لاسار

لە گەڵ خۆی لاسار

و لە گەڵ میلەت لاسار

خۆا لاسار

باشە کە حاجی بێکات  سەفەری حەج

لە گەڵ چەپی ئەو دا  ئیمە راستمان نەکرد

خۆزگە خۆی راستی دەکرد ئەم هەموو شوینە  لار

47

مناڵەکان

لە دورگەیکی شەردا

هاتبوون  بۆ سەیران

تۆپیکی نە تەقیووە

لە ناو دەونەکان دا دیار بو

یەکێک شوتی کرد

هەموویان گوڵیان خۆارد

48

چاڕشیو

ئەم شەو  دڕیژ

و سەر وچاوت

بە عەینی مانگ

لە دڵی شەو

ئاخر  کەی ڕۆژی تۆ دێت کچی

49

چاڕشیو موزاحیمە

گۆل بەم شیوە ئاو ناخۆات

ئازادی تۆ قەت

لە گۆلێکی ناۆ گۆلداندا ئاو ناخۆات

50

پێویست ناکات

بۆ کۆشتن پارە بەدەیٛ

خۆکۆژی ئاسانە لە تاران

تەنیا

سەریک بە ئازادی دا بکەێت

دەمری

لەمە زیاتر هیچی ترم لە دەس ناییە

بە دایکم کە هەمو حەوتوییک زەنگم بۆ لی ئەدا

هێشتا دەڵێم باشم

بە خۆشەویستەکەم دەڵێم خۆشم ئەوی

بە هاوڕییەکانم ؟

!باش دەبێت هەمو شتێک

ئەگەڕچی هیشتا دەستم پێ نەکردەوە

بە ناشرم کە کاری ڕیک و پێکە

بەردەوام دەڵیم

بەیانی تەواو دەبێت

تەواو بوونی نییە ئەم یاری

بهێڵن

لە شیعرم دا

کەمیک خۆم

ئەگەریش نەکرا

تۆزقالیک ڕو راست بم

52

تۆ سوتاو و مردووی لێوی

منیش عاشقی لیوەکانت

بوچی هەر کات دەگەین بەیەک

لە  پەنە تازەکەی شێخ  باسم بۆ دەکەی

53

چە ماوە لە ئیمە باقی

هەر وەک قۆڵ

لە دەستی چووبێت دەست

و شەلواڕیک

دەرقاچیکی بۆش بێت

مەعلوومە شەرانین

تەن بە تەن

سەری خۆم

لە گەل خۆم

54

مردن

بۆ ژیان کردن

تەنیا ڕیگا چارەمانە

گەرچی سەختە

سەختە بڵێت بڕو

و خۆت بمێنێتەوە

بڵێ بمرە

لە حالێک دا کە ژیان دەکەیت

ڕەحمێک لە گۆڕی دا نییە

بەشەریان لە ڕەحەم دا هەڵ دایە دەری

کە بگەڕێ

هەڕ بگەرێ

بۆ ئەوەی

عاشق بێت

عەشقێک کە  بێکوژێت

و دیسان بیهێنێتەوە

بە ڕەحەم

ڕەحمێک لە گۆڕ دا نییە

56

به هەڕ دەسێک کە بێ دەێت ،،،، دەێ گڕی

دەرگای قەفەس بەکەرەوە

ئازادی کە

تا ڕیک هەر ئەو کاتە

کە کۆتری داماو هەڵ ئەدەێت بۆ ئاسمان

فڕۆکە وانێک

لەو سەرە ڕا

بە کڕتە کردن لە سەر یەک شاسی

بۆمێک بەتەقینێ

57

لە گەڵ هاتنی لافاو کارەبا ڕویشت

تەلەفوون بڕا

تا کەمێک لە گەڵ خۆدا بە پەیڤی

کەم وەردی تەلفزوێن بەرەوە

سەیری  خۆت بکە

چە ڕۆژگاڕیک کەوتووی

58

ئەمڕو هەمو شوێنێک  ئەوتڵەیە  پیاوەکە

بەڵام من مەجبوورم

هەر چەن کە نا م نێیە

لە سەر تۆ ئیش بکەم

کە عاشقی شەری

و حەز دەکەی

لە هەمو شوینەکەوە

گەماڕووت بەدەن

59

له پشتی دەرکەی  ماڵم

چی لێم دەۆێت کومیتە

من کە هەر گیز پێم نەکرا

لە نا وەخت دا دەرگا لی بەدەم

بێ خەبەر

سەر لە کەسێک بەدەم

هەمو ڕۆژیک منالەکانی پۆلەکەم دەژمارد

دایمە یەک کەس کەم دەهات

تو لە ڕیزی ئاخرە وە نەمبینی  نەبێت

تەنیا یەک ڕۆژ نەبێت

تەنیا یەک ڕۆژ

کە ڕۆیشتبووی وەک داڕی سەرو

گۆڕەپانی پشتی مەکتب سەوز بکەێت

یەک

دووان

ئێستاکەێش هەر خەریکم

مناڵانی ناۆ پۆلەکە دەژمیرم

هەموویان هەن

بەلام بە دایم یەک  کەس کەم دێت

61

شپرزە هەڵ دەهات

ئەوەل کتێب

دواتر جانتا

لەچکەکەی دا کەوت

بەسەری دا ڕویشت

ئوتوموبیلێک  کردی بە دوو کەرتەوە

بەسیجیەکان

سەیری نیوەی سمت و ڕانیان دەکرد

62

پەلەوڕیکی لە بوون دا

لە نەبوون دا

لە دایک بوون

سەرت ئەبڕێت

کە گیان بەدەێت  بەردەوام

هەتا هەیت

63

ئاگادار بە

یەکێک لە دەستەکانت

یا دەنگت کەمێک هەل نەبڕی

ئەگر هەڵت بڕی

زوبانت گاز بگرە

ئەگینا دەمری

ژیان دژۆارە لە ئیرا ن

مەرگ،،، ئاسانە

تەنیا

سەر هەلبرە

بەو ئاسانی دەمڕی

64

دەست پەیکی شەقامی ئازادی بو

دواتر

بە شەقامی ئازادی گەیشت

کە زیندان  ئازادیە

دەبی لەم شەقامە دا هەمو شتیک کۆتایی بێت

تا بە ئازادی دەگات

65

من لە نیشتمان دوورم

لە گەڵ هاو نیشتمانانم هەڵ نەبڕاوم

هیشتاکە شاعیرکی نیشتمانیم

کە لە گەڵ وەشەم جەستەم

بە دەستی خۆم نیە

لە گەڵ هەر فیشەکێک دا کە خوین دەمژێت

پێنوسەکەم لێرە دەرد ئەکێشێ

و خۆێنی ڕەشی

وەشە بە وەشە

لە سەر لاپەرە دڕێژێت

ئەگەڕچی دەترسم

دیسانەوە نیدایکی تر ڕۆژنامەکەنان بەنەخشێنێ

گەرچی دەترسم

لە نیو چاوانتا بدۆزنەوە شەیتانێک

و بەتەقێنن

بەلام بڕو

بڕو بەڵام

چاۆیلکەی بەڕ هەتاوت لە بێر نەچێت

خۆشەویستم خۆزگە لە سەدەیکی تر دا دەبووین ،

ماچ عەیب نەدەبوو

لە لێوی تۆ

بەردەوام جەژن دەبوو

و سەردانی تۆ

بۆ کاتی ماچ کردن

خۆزگە ژیانمان وەک ماشین دەوەستان

یا وەکو گڵینەیکی بە قیمەت لە شۆێنێک هەلمان دەگرت

و لە سەدەیکی تر دا وەک بیست وسێ ڕوومان دەکرد ، بەڵام نە

چۆن لێمان ڕوون دەبو

دونیا لەمە کە هەیە خڕاپ تری بە سەر نایێت

گووی تی ناچێت

ئەگر شاعیرک دەبووم  لە سەدی نۆزدە بەراستی خۆش دەبوو

ڕام دەبوارد

لە شوینیک دا بووم نە وەک تاران پارسی

کە لێوەکانی رەمبو قەدەغە بکات

شوێنێک وەک ... وەک،،،، دەبینێ!؟ مەسەلەنم نییە ، چە لە کات دا

چە لە شوین دا ئیمە بەردەوام تاوان بارین بە مەرگ

چە لەوە باشتر لێرە کە هەین دا بمرکێن

تێبینی

رەمبو شاعیریکی شێتی فەرانسیە

68

وەشە گەلێکی ورد بووین

نەسڕاوە لە سەر

تەختەی ڕەشی پۆلەکە

کە منداڵەکانی پۆلەکە  بەیانی  بی خۆیننەوە

نایخوییننەوە

تۆ بە فیشەکێک دەسڕنەوە

منیش لە تاڕاوگە دا دنێنە گۆڕ

69

دوو کتیبم بو

کە حەزم لی نەبو

فایلەکەیم  کوشت

تەنەکەی خۆلەکەیشم بەتاڵ کرد

بەڵام ئەمم خۆش دەویست

نە بۆ ئەوی خۆشم بوو بییت

حەزم دەکرد

بڵاو بیتەوە

کە ئازاری ئێوە بەدەم

کوێرە ئەوی لە  دەرەوە دەخوێنێ

دوور نێیە

بۆ مەگەر پێنوسەکەم

لە لای ئیوە ناگەڕی

فارس و بەلووچ و لور

کورد و لەک و گێلەک

وەستاوەن لە من دا کەڕ

ئیوە دەخوێنن من دەنووسم

ئەگێنا لە نیوی ئەو چالە دا کە کەنڕاوە

نە یووسفی میسرم

نە  چاوەڕوان . دڵ و کۆی یەعقووب

لە بەڕانبەر  بڕاکانی نیۆ چالە مەیان

هەڵ نابڕم بێ دەنگی

بۆچی

چۆن ئەم هەمو شیعرە !؟

لە بەر ئەوەی من سەڵاتی ئاوینەم

و ئەوی کە لە نیوانمان دای

کوێرە

تێبینی چالە مەیان شوینیکە لە تاران

71

تاڕان

دەستە چینەیکەی سەوزە

بە نووکی چەقوو

جار جار سوورە

لاڤیتەێیکی بەڕزە ئازادی

تا زیاتر سەوز بڕژێتە سەڕ شەقام

دەمی تێخی ساتوور

کول تر دەبێت

و دژۆاڕ تڕ

یا نەخوینەواڕین

یان مامۆستا هێندە ویجدانی نییە

بیس بەدا

نەی دەێن

باشتر

هەڵچوون     خۆشترە لە سەر کەوتن

هەموان پیکەوە

لێنوسی سپی ئەدەین

کە بەراستی سەرکەوین

سەڕ ڕای ئەوەی کە تۆزقاڵێک دوو دڵی

بە شۆین ئازادی دا

دەڕویتە سەرشەقام

دەنگێک  ئەدۆزیتەوە  لە ناو جەماور دا

غیرەتێک

و

سەیر کردنێک

کە دەدوزێتەوە بۆت

کچێکئ خۆشەویست

کە تەمەنیک ئارەزوت بو

سەیر بکە ، تۆ لە خۆ ڕا دوو دڵ و ترسا بوویت !؟

ماڵ چاوەڕوانی تۆیە

کە وا بو بۆ پێشەوە بەڕەو ئازای

به هیوا بوون شەقام بجۆڵێنن

بە یەکەمێانی  کە بە دووی ژیان بو

وەعەدی دا

ئەگر بێت نا ناڵێت

ئەوی تڕیش  خۆش حاڵ

کە دوای شەقام دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ

شوینی قەڕار

شەقامێک کە بە هیوابوون  قەڕەباڵغی بکەن

هەر سێ هاتبوون جگە لە کچە

کە ئەو چو بو

قەبرستان

بۆ بەهەشت زەرا

75

بۆ ئازادی بو

کرا بەندیخانە

و لە بەندیخانە دا

بەس بۆ ئازادی بو

کە جگە لە گیانی

تۆی لە دەسی دا

کە لە دەستی نەدەی

بەتاڵە مێشک

پڕنابێت

مەگەر بە پێت پێتی ئازادی

وەک میعدەیک  کە  خالی دەمێنیتەوە

کاتێک لە بێرت ئەچێتەوە

شتێک بخۆێت

و جیگای بەتالی ئەم شتانەی

کە دواتر

ئازاد ناتهێڵێ

مەگەر بە هینانە بیر

شتێکت کەمە

کە دەبێت لە جیگای خالی دا دای بنێت

شوێنێک کە پڕ نابێتەوە

ئەگر نەبێت

له مانه كه  له شەقام دان

کۆمەڵیک یان بۆ پارە هاتوون

مەجبوورن

چه دەبێت بکەی

کۆمەڵێک تر دێن

بەشەر بکوژن

پیشەیه ئیتر

چه دەتوانی بڵی

کۆمەڵیک له خەوەنی بوون به ڕیبەر دان

عەشق عەجەب دەردێکه

ناتوانی بڵێت تێک چووه

بەڵام تۆ له شەقام دایێ

که بەرگری له ئازادی بکەێت

چەن بێ بەرگریت

له بەرانبەر ئەم بەشەر کوژانەدا

گەوجانه

پارە

شێر پەنجەی عەڵی سۆال کەر

تەیار دەبێت هەلۆمەرج

تا کاتی ئیمام بگات

من عەلیم

ئیوه خۆ خەڵکی کوفه نین

ڕووی ئەوی هەیه

که ڕیزی عەلی لا بێت

هەوا زۆر دڵ ڕەقه

تێک و بن هاتوه

ئیوه خۆ خەلکی هەوا نین

من بەسیجێکم

نائیبی زەمانم

ئەوم

ئەمم

ئەمانەو ،و. ئەوانەم

و دیکتاتوریکی تر بە هیتلر زیادی کرد

79

چەن بێ دەنگ دەلەرزی

پیاویک کە فێشک لیێ داوە

و خەریکن

لە کۆلان کان و شەقامەکان دا

گیان ئەدەن

ئیتر نابیسی کەسێک

کە ئەبەد نەیبیستووە

چی تر نابێت

بە ریگایک دا تێپەر بو

کە شان و شەوکەت بووە

ریگە و وینەی کۆلان دەبی بگۆرێ

ئیتر شەهید

ناویکی بە کەلک نییە بۆ شەقام

کە قارەمانەکان

نه لە ڕێگای خۆدا دا

بەڵکو بۆ ئیوە داویتی

جگە لە موسەدق

لە هیچ شەقامێک چی تر

بە پێڵاوی ملی تی پەریت

ئیستە کە مەیان ناوی  ژاڵەی وەرگرتەوە

بە خاتەمی

تەنانەت بە فاتیمی

چی تر نابێت مەیان بەین

80

چاڵێک نییە

کە ئاوت

سوور نەکردەبێت

چاوەگەیێک نییە

کە دڵت

نەکردە بی بە خۆێن

لەم هەمو خۆینە  کە ڕەژانەتە ڕووبار

خامنەای خەجاڵت بێت

دۆای تۆ ناوی دەگۆڕی  شار

81

گوێم لێ نییە

گەر دەتوانی

ئەم شتانە بخوێنیتەوە و بێ لایان بێ

پێت وا نەبێت

ئەمە شیعرە

بیر کەرەوە

روو بەرووی تۆ دەبنەوە

82

لە پارە

لە خۆیان

و زۆری شتی تر

ئەمانە سارێژ نابن

دەبێ بڕوێتە دڵیان

بۆ ئەوی عاشق بن

83

چاوەروانم

بێت

ئەم کارەانە بخۆینێتەوە

نە ئەوەی  بێت

هەتا سەر ئەنجام نەمێنیتەتەوە

شاهنامە سەرەتاکەی  هیچە

84

ئەم هەفتەیە  مەراق لی داوم

هەڕچی شیعرم نووسی

خواردەمەوە

لە بەر م کرد

لە سەر جیگای هەڕچی گەرام

وڵام دەرەوە نەبوو

لە کۆتایی دا دەبێت ڕابم گەرێمەوە بۆ ئیران

85

خڕاپ نییە هیندە جار

لی دان خۆاردن

بۆ خەلک مردن

ئەگەر گیانیکی ترم دەبو

هەل نەدەهاتم  لە ئیران

86

ڕویشتن

لە گەل هەمو کچێک دا باشە

ڕیگە ڕویشتن زور

بۆ لاواز بوون باشە

رێپێوان

لە ڕۆژی ژن

بەلام ڕەشە بایە

87

هەموو شەڕمان کرد بۆ ئازادی

زۆڕ کەس

لە نیو شەقام دا لێ دانیان خۆارد

کۆمەلێک مردن

ئێمەیش لە ئەنتەرنیت دا

خۆمان پیس کرد

لە ترسا

چیمان نەکرد بۆ ئازادی

Ali Abdolrezaei's books on internet

**از علی عبدالرضایی تاکنون منتشر شده است**

# In Persian

1- 'Only iron Men Rust in the Rain', Vistar, Tehran, 1991.
http://www.poetrymag.ws/revue/ebook/aadmhaayehaahani/
2- 'You Name this Book', Tehran, 1992.
http://www.poetrymag.ws/revue/ebook/naameinketaab/
3- 'Paris in Renault', Narenj,Tehran , 1996.
http://www.poetrymag.ws/revue/ebook/parisdarrenault/
4- 'This Dear Cat', Narenj,Tehran, 1997.
http://www.poetrymag.ws/revue/ebook/ingorbehyeaziz/
5- 'Improvisation', Nim-Negah,Tehran, 1999.
http://www.poetrymag.ws/revue/ebook/felbedaaheh/
6- 'So Sermon of Society', Nim-negah , Tehran, 2000.
http://www.poetrymag.ws/revue/ebook/jaameeh/
7- 'Shinema', Hamraz , Tehran, 2001.
http://haftaad.com/page/ketab/shinama.pdf
8- 'I Live in Riskdom' ,Paris, 2005.
http://www.poetrymag.ws/revue/ebook/khatarnaak/
9- 'Hermaphrodite',Paris, 2006.
http://www.poetrymag.ws/docs/ali_abdolrezaei/hermaphordite.html
10- 'A Gift Wrapped in Condom', Paris, 2006
http://www.poetrymag.ws/docs/kaado_kaandom_ali_adbolrezaei.html
11- 'The Worst Literature', Paris, 2007
http://www.poetrymag.ws/docs/rakiktar_az_adabiat_ali_abdolrezaei.htm

12-''So, God exists'', Paris ,2010

http://www.poetrymag.ws/docs/pas_khodaa_vojood_daareh/

13- 'Terror', London, 2009
http://www.poetrymag.ws/docs/ali_abdolrezaei/terror_ebook.html
14- 'Fackbook', London, 2009
http://www.poetrymag.ws/docs/shahriar_kateban/index.html
15- 'La Elaha Ella Love', Paris, 2010
http://www.poetrymag.ws/docs/7/

16- '' Hidden Camera'' , London , 2011

http://www.hashtaad.com/main/ketab/doorbin-makhfi-ali-abdolrezaei.pdf

17- ''Third Wisdom'' London , 2011

http://hashtaad.com/main/ketab/hekmat-sin-ali-abdolrezaei.pdf

# In English

1- 'In Riskdom Where I Lived', London, Exiled Writers Ink, 2007
(A collection of 28 poems translated into English by Dr. Abol Froushan)
http://www.poetrymag.ws/docs/publication/in_riskdom.htm

2- 'Sixology', Paris, 2010 (A collection of 6 major poems translated into English by Abol Froushan)
http://www.poetrymag.ws/docs/sixology/

# In German

1- 'Zerbombt doch all das Weinen', Paris, 2010 (A collection of 35 poems translated into German by Christina Ehlers)
http://www.poetrymag.ws/docs/zerbombt_doch_all_das_weinen/index.html

# In Turkish

1- ‘ÖLÜRƏMSƏ KİM BU YALNIZLIĞA DÖZƏR’, Paris, 2010 (A collection of poems translated into Turkish by Saeed Ahmadzadeh Ardebili)
http://www.poetrymag.ws/docs/istanbul_skool/

2- Tehlikede Yasam (A collection of poems translated into Turkish by Saeed Ahmadzadeh Ardebili)

http://www.poetrymag.ws/docs/saeid_ahmadzadeh/saeid_ahmadzadeh_tarjomekhatarnak.htm

## In Spanish

1- ‘Ese’, Paris, 2010 (A selection of poems translated into Spanish by Elizabeth Lorena Faitarona de Ford)
http://poetrymag.ws/docs/ese/

## In Arabic

1- ‘Only iron men rust in the rain’, Paris, 2010 (A selection of 36 poems translated into Arabic by El Habib Louai)
http://www.poetrymag.ws/docs/arabic_skool/

## Translations

1-**I NEED YOUR DESERT FOR MY SNEEZ, Paris,** 2010 (A collection of Abol Froushan’s poems translated from English into Persian)

http://www.poetrymag.ws/docs/i_need_your_desert_abol_froushan/